پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۰
سال ۷، شماره ۱، پیاپی ۱۱

Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2021
Vol. VII, No. 1, Series 10

# لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە ئەدەبی کوردیی ناوەندیدا: سەرنجدانێک بە ڕۆڵ و پێگەی عەلائەدین سەجادی

ناسێح مەلایی[1]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۱۵ اسفند ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۲۹ مرداد ۱٤۰۰؛ صص. ١٦٤-١٥١
DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2021.579

## پوختە

نزیکەی دوو سەدە لە بەدیهاتنی ئەدەبی بەراورد و لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان تێدەپەڕێت. ئاخێزگە و ناوەندی لەدایکبوونی ئەم بەشە لە ئەدەب، دڵی ئورووپا و بەتایبەت وڵاتانی فەڕانسا و ئەڵمانیا بوو. گرنگیی لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان بۆ وێژەوانانی زۆرێک لە نەتەوەکانی دیکە خێرا دەرکەوت و لەو کاتەوە بەردەوام بۆ پەرەسەندن و خۆماڵی کردنی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەگەلە هەوڵ دەدەن. توێژەرانی ئەدەبی کوردییش لەم ڕەوتە بێ‌خەبەر نەبوونە و بەش بە حاڵی خۆیان بۆ پێناسەکردنی ئەم زانستە نوێیە هەوڵیان داوە. سەرەتای بەدیهاتن و داڕشتنی زاراوەی ئەدەبی بەراورد لە سەر دەستی یەکەم کەس لە هەر ئەدەبێک و هەروەها ئەدەبی کوردییش گرنگە و گرنگییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاستی زانیاری و تێکۆشانی خاوەن ئەدەبەکە لە بواری لێکۆڵینەوە بەراودییەکاندا پیشان دەدات. بەپێی بڕوای زاڵ، سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی ئەدەبی بەراورد و هەروەها ئەنجامدانی یەکەم لێکۆڵینەوەی بەراوردی لە ئەدەبی کوردی بە گشتی و ئەدەبی ناوەندی‌دا بەتایبەت، بۆ حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە لایەن عەزیز گەردییەوە دەگەڕێتەوە. ئەم وتارە هەوڵی داوە بە شێوازی لێکۆڵینەوەیی-شیکارانە ئاوڕێک لە سەر ڕەوتی بەکارهێنانی زاراوەی ئەدەبی بەراورد و ئەنجامدانی یەکەم لێکۆڵینەوەی بەراوردی لە ئەدەبی کوردی‌دا بداتەوە. لە دەستکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرختستنی ئەو بابەتە بووە کە وێژەوانانی کورد، پێشتر لەو کاتەی ئاماژەی پێ‌کرا ئاگایان لە ئەدەبی بەراورد بووە و لە ڕاستی‌دا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لێکۆڵینەوەی بەراوردی ئەنجام دراوە. عەلائەدین سەجادی بۆ یەکەم جار لە کتێبی *مێژووی ئەدەبی کوردی*دا (۱۹۵۲)، زاراوەی ئەدەبی بەراوردی بەکار هێناوە و دەستی داوەتە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی لە نێوان ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەدەبگەلی کۆنی دنیا و پێکەوە هەڵی‌سەنگاندووە.

**وشەگەلی سەرەکی:** ئەدەبی بەراورد؛ ئەدەبی کوردی؛ ئەدەبی ناوەندی؛ عەلائەدین سەجادی.

## چکیده

نزدیک به دو سده یا بیشتر از عمر ادبیات تطبیقی و مطالعات تطبیقی می‌گذرد. کانون و مرکز پیدایش این بخش از ادبیات در قلب اروپا و به ویژه کشورهای فرانسه و آلمان بود. اهمیت مطالعات تطبیقی برای ادیبان بسیاری از ملت‌های دیگر از همان ابتدا آشکار شد و از آن زمان تا کنون برای پیشرفت و توسعه ملی این نوع از مطالعات در تلاش بوده‌اند. ادیبان کرد نیز از این روند بی‌خبر نبوده و به سهم خویش تلاش کرده‌اند. سرآغاز بکارگیری اصطلاح ادبیات تطبیقی و مبدع آن، در هر ادبیات و همچنین ادبیات کردی مهم است و دلیل آن، این است که مطالعات تطبیقی نشان‌دهنده سطح آگاهی و تلاش دارنده آن ادبیات است. باور رایج درباره سرآغاز ظهور اصطلاح ادبیات تطبیقی و اولین پژوهش تطبیقی کردی در ادبیات کردی به طور عام و ادبیات میانه (سورانی) به طور ویژه بر این است که عزیز گردی اولین کسی است که در دهه‌های هفتاد و هشتاد قرن بیستم میلادی اصطلاح ادبیات تطبیقی را به‌کار برده و اولین مطالعه تطبیقی کردی را نیز انجام داده است. این مقاله براساس روش تحلیلی-توصیفی تلاش می‌کند گذری کوتاه بر روند بکارگیری اصطلاح ادبیات تطبیقی و اولین مطالعه تطبیقی در ادبیات کردی داشته باشد. نتایج پژوهش نشان می‌دهد که ادیبان کرد پیشتر از آنچه اشاره شد، با ادبیات تطبیقی آشنا شده و در واقع، در نیمه دوم قرن بیستم میلادی مطالعه تطبیقی انجام داده‌اند. علاءالدین سجادی در کتاب خود *تاریخ ادبیات کردی* (۱۹۵۲) اصطلاح ادبیات تطبیقی (ئەدەبی بەراورد) را به‌کار برده و به طور عملی به بررسی تطبیقی ادبیات کردی با دیگر ادبیات کهن دنیا پرداخته است.

**واژگان کلیدی:** ادبیات تطبیقی؛ ادبیات کردی؛ ادبیات میانه؛ علاءالدین سجادی.

۱. دکتری زبان و ادبیات عربی، کارشناسی زبان و ادبیات کردی، دانشگاه کردستان، سنندج، ایران naseh.m1986@gmail.com

## ١. پێشەکی

گرنگیی دیارییکردنی سەرەتا و پێشەنگ لە هەر بوار و بابەتێکدا لەوەدایە کە مێژووی ئەو دیاریکردنە، ئاستی زانیاری و تێگەیشتوویی خاوەنەکەی لە ئەو بوار و بابەتەدا دەردەخات. بێگومان هەر کات کە نەتەوەیەک شتێکی نوێ دەخاتە بەردەست یان بیرۆکەیەکی تازە لە هەر بوارێکدا ئاراستەی جیهان و نەتەوەکانی تر دەکات، ئاستی بەرزی زانیاری و تێکۆشانەکانی لەو بوارەدا پیشان دەدات و لە چاو نەتەوەکانی تر دەیباتە سەرەوە و بەم بۆنەوە دەستەڵات و هێزیشی پەرەیەکی باشتر دەستێنێت. هۆکاری جۆراوجۆر دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەک لە کاتێکی دیاریکراودا. گرنگترینی ئەو هۆکارانە لە دامێنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان پەروەردە دەبێت. کاریگەریی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەر ڕەوتی گەشەکردنی هەر نەتەوەیەکدا، لەو پەڕی خۆیدایە. مێژوو نیشانی داوە و دانی پێدا ناوە کە هەر کات هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبار بووە، ئاستی گەشەکردن و پێشکەوتن بەرزتر بووەتەوە و بە پێچەوانەی ئەمە، هەر کات ئەو بارودۆخە شێواوە، ئاستی گەشەکردن و پێشکەوتن لە گشت بوارەکاندا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دابەزیوە و کۆمەڵگای بۆ لای ڕەشایی و کوێرەوەری ڕاکێشاوە.

کۆمەڵگای کوردیی بازنەی ئیمپراتووریی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینیدا، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی بەخۆیەوە بینی. بەشێک لە لێکەوتەی ئەو ئاڵوگۆڕە، هەڵقولانی سێ وڵات بوو کە هەمان کۆمەڵگای کوردیی بازنەی ئیمپراتووریی عوسمانیی دەگرتە بەر و ئێستا بە نێوی کۆمەڵگای کوردیی کوردستانی باکوور، باشوور و ڕۆژئاوا دەناسرێن. دەرفەتی چالاکیی فەرهەنگی و ئەدەبیی کوردستانی باشوور یان هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ئەو دوو بەشەکەی دیکەدا باشتر بووە و لێرەدا نامانەوێت باسی هۆکارەکانی بکەین چونکوو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بابەتی وتارەکەوە نییە، بەڵکوو دەمانەوێت ئاماژە بە بەشێکی بچووک، بەڵام گرنگ لە لێکەوتەگەلێک بکەین کە لە سێبەری ئەو هۆکارانەدا هاتوونەتە ئاراوە. ئەم بەشە گرنگە توانیویە دەستکەوتگەلێکی بەرچاو بۆ کۆمەڵگای کوردیی کوردستانی باشوور بە دیاری بێنێت و ڕۆڵێکی کاریگەر لە چیرۆکی ئەدەبی ئەو کۆمەڵگایەدا بگێڕێت.

بارودۆخی لەباری کوردستانی باشوور، لە ڕووی دەرفەتی چالاکیی فەرهەنگی و ئەدەبییەوە، بووە هۆی ئەوەی ئەدەبی کوردی بە زاراوەی ناوەندی یان کوردیی ناوەڕاست (سۆرانی) گەشەکردنێکی باش بە خۆیەوە ببینێت و کەسایەتیگەلێکی ئەدەبدۆست، ئەدەبناس و لێهاتوو سواری شەپۆلی ئەو گەشەکردنە ببن و پاپۆڕی ئەدەبی کوردی بەرەو لای مانەوە و پێشکەوتن لێخوڕن. کاریگەریی ئەو گەشەکردنەی ئەدەبی کوردیی ناوەڕاست لە ئەم بەشەی کوردستان لە سەر بەشەکانی دیکە بە ڕوونی دیارە و کەس ناتوانێت نکوولیی لێ بکات و مێژووش دانی پێدا دەنێت. بازنەی ئەو کاریگەرییە زۆر بەربڵاو بوو و زۆربەی بوارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانی دەگرتە بەر. بێگومان، کوردستانی باشوور لەو کاتەدا، ناوەند و مەڵبەندێک بوو کە هێزی بە ئەژنۆکانی ئەدەبی کوردی، لە خودی ئەوێ و بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبەخشی.

> لە دوای جەنگی یەکەم و سەرنەکەوتنی جەنگەکانی شێخ مەحموود و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، چارەنووسی ئەم بەشەی کوردەوارییە بە جۆرێکی دیکە کەوتەوە. ئەنجامی هەموو هەوڵ و تەقەلا و کۆششی نیشتمانپەروەرانی کورد لە سەر ئەوە نیشتەوە سوود لە قانوونی زمانانی ناوچەیی (قانون اللغات المحلیة) وەربگرێ. ئەمە بووە سەرچاوەیێک و بڕێک مافی مرۆڤایەتی و خوێندەواریی بۆ کورد دابین کرد، لە قسەکردن بە کوردی، جلوبەرگی قەومی لەبەرکردن، زمانی خوێندنی قوتابخانەکان کوردی بێ، بڵاوکردنەوەی کۆوار و کتێبی کوردی، دامەزراندنی کۆمەڵە و یانەی ڕۆشنبیری، بەشی کوردی لە ئێسگەی ڕادیۆی بەغدا هەبێ، هەندێ شتی دیکەش. بەڕاستی ئەم بەشە کەمە لە مافی نەتەوایەتی، بووە هۆی ئەوەی

ماڵی کوردی عێراق لە ماڵی کوردی هەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان بە سەر دابەش کرا جیا بێتەوە (خەزنەدار، ۲۰۰۵، ب ۵: ۱۰).

کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە زۆرتر لە توانستی خۆیان هەوڵیان داوە تاکوو لەو سەردەمە هەستیارەدا لایەک لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بکەنەوە. عەلائەدین سەجادی یەکێک بوو لە ئەو کەسانەی وا ئەرکێکی گرانی لە ڕەوتی گەشەکردنی چالاکیی ئەدەبی و فەرهەنگی بەئەستۆ گرت. «عەلائەدین سەجادی خوێندەوارێکی بەدیمەنی کورد بوو لە سەدەی بیستەمدا. نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارگەری زانستی بوو. لە زۆربەی مەیدانەکانی ئەدەبی و زانستی و کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی بەرهەمی بەکەڵکی هەیە. باڵادەست بوو لە نووسینی وتار و چیرۆک و یادداشت و بابەتەکانی دیکەی پەخشان» (خەزنەدار، ۲۰۰٦، ب ۷: ٦۰). لێهاتوویی و کارامەیی سەجادی لە کاتی ئەو چۆڕە ئازادییەی کوردستانی باشوور، بوو بە هۆی نووسینی چەند بەرهەمێکی بەنرخ لە ئەدەبی کوردیدا کە هەرکامیان لە جۆری خۆیدا سەرەتا و پێشەنگە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی بە سەر کەسانی دوای خۆی داناوە.

ئەدەبی بەراورد، ئەدەبی بەراوردکاری یان ئەدەبی بەراوردکارانە (Comparative literature) یەکێکە لە ئەو بوارانەی لە سەدەی بیستەمی زایینیدا دەلاقە و چوارچێوەیەکی زانستییانەی بە خۆیەوە بینیوە؛ واتە ئەو کاتەی ڕەوتی گەشەکردنی چالاکی فەرهەنگی و ئەدەبی لە کوردستانی باشووردا دەستی پێکردووە. لێکۆڵینەوەی بەراوردیی کوردییش بۆ یەکەم جار لەم سەدەیە سەری هەڵداوە. توێژەرانی کورد لەم بوارەدا باوەڕیان وایە کە سەرەتا و بنەڕەتی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەگەلە لە ئەدەبی کوردیدا بۆ حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم وتارە هەوڵ دەدات دوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە، ئەو باوەڕە پووچەڵ بکاتەوە و ڕاستیەکیتر دەر بخات. سەرەتای لێکۆڵینەوەی بەراوردی لە ئەدەبی کوردیدا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ یەکەم کەس لە ئەدەبی کوردی کە زاراوەی ئەدەبی بەراوردی بەکار هێناوە کێ بووە؟ کێ یەکەم لێکۆلینەوەی بەراوردیی لە ئەدەبی کوردیدا ئەنجام داوە؟

## ۲. پێشینە

ئەو لێکۆڵینەوانە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بابەتی ئەم وتارەدا هەیە بریتین لە: کتێبی *ئەدەبی بەراوردکاری*. عەزیز گەردی ئەم کتێبەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ۱۹۷۸دا بڵاو کردووەتەوە. ئەم کتێبە یەکەم بەرهەمی دەلاقەداری ئەدەبی بەراوردی کوردییە. نووسەر لەم کتێبەدا بابەتگەلێک دەورووژێنێت کە بریتین لە: زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری، مێژووی گەشەسەندنەکەی و کاریگەرییەکەی؛ ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا؛ ئەدەبی گشتی. عەزیز گەردی لەم کتێبەدا بەراوردەکەی عەلائەدین سەجادی بە لێکۆڵینەوەی بەراوردی دانانێت و ئەم بۆچوونەی گیرۆدەی دوو خاڵی لاوازە. یەکەم ئەوەی کە ئەو پێوەرەی نووسەر بۆ پێواندن و نرخاندنی بەراوردەکە بەکاری هێناوە پێوەری قوتابخانەی فەرەنسییە، لە کاتێکدا کە قوتابخانەی ئەمریکیش لە تەمەنی ئەودا سەری هەڵداوە و بەراوردگەلێک وەکوو بەراوردەکەی عەلائەدین سەجادی بە توێژینەوەی بەراوردی دێنێتە ئەژمار. دووهەم خاڵی لاواز ئەوەیە کە سەرچاوەی بڕیاردانەکەی عەزیز گەردی لە سەر بەراوردەکەی عەلائەدین سەجادی، چاپی دووهەمی کتێبی *مێژووی ئەدەبی کوردی*-یە، کە ئەمە وای کردووە بەراوردەکەی سەجادی لە چاو توێژینەوەی حسێن عارف (گۆڤاری *بڵێسە*، ژ ۱۰: ۱۹٦۰) و موحەمەد ڕەسووڵ هاوار (پیرەمێردی نەمر: ۱۹۷۰) کە وەک خۆی بە *سەرقەڵەم* دەیناسێنێت، نوێتر بێنێتە ئەژمار؛ لە کاتێکدا کە یەکەم چاپی *مێژووی ئەدەبی کوردی* لە ساڵی ۱۹۵۲دا بڵاو بووەتەوە. عەزیز گەردی لە کتێبی ئەدەبی بەراوردکاریدا هیچ ئاماژەیەکی بۆ دانەری زاراوەی *ئەدەبی بەراورد* (لە بەرامبەر زاراوە ئینگلیسییەکەیدا) نەکردووە و بەراوردەکەی عەلائەدین سەجادی لە باقەی لێکۆڵینەوەی

نازانستی داناوە. هۆکاری ئەم بڕیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عەزیز گەردی، تەنیا بەپێی بنەماکانی قوتابخانەی فەڕەنسی، مامەڵەی لەگەڵ بەراوردەکەی سەجادی کردووە.

وتاری «پوختەیەک لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری و قوتابخانەی سلاڤی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا» کە ئیدریس عەبدوڵا نووسیویە و لە گۆڤاری *ڕامان*، ژمارەی ١٣٨ ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی چاپ و بڵاو بووەتەوە. ئەم وتارە سەبارەت بە مێژووی ئەدەبی بەراوردە و سەرەتاکەی لەسەر جیهان دواوە و ئینجا پەرژاوەتە سەر قوتابخانەی سلاڤی و ناساندنی بنەماکانی. لە پاڵ ئەم بابەتگەلەدا ئاماژە بە سەرەتای ئەدەبی بەراورد لە ئەدەبی کوردی دەکات و مێژووەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرهەمەکەی عەزیز گەردی بە *نێو ئەدەبی بەراوردکاری* لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمی زایینیدا.

وتاری «بەرەو بەدیهێنانی قوتابخانەی بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا». نووسەری ئەم وتارە حسەین کەلارییە و لە گۆڤاری *ڕامان*، ژمارە ٢٠٦ ساڵی ٢٠١٤ی زایینی چاپ کراوە. ئەم وتارە سەبارەت بە گرنگی و ڕۆڵی لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان دەدوێت و سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی بەراوردیی کوردی لە ڕەچاوکردنی چەند خاڵدا دەبینێت و لە کۆتاییدا دەست دەداتە پێشبینی کردنی داهاتووی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەگەلە و لەدایکبوونی قوتابخانەیەکی کوردی لەم بوارەدا. ئەم نووسەرەش بەرهەمەکەی عەزیز گەردی بە یەکەم بەرهەم دادەنێت کە لەژێر نێو و زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا لە ساڵی ١٩٧٨ چاپ و بڵاو بووەتەوە.

بێجگە لە کتێبەکەی عەزیز گەردی و ئەم دوو وتارە نەبێت، کتێب یان وتارێک کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بابەتەکەدا هەبێت دەست نەکەوتووە و هیچ وتار یان کتێبێک کە بابەت یان سەردێڕەکەی وێکچوونێکی گشتیی لەگەڵ بابەت و سەردێڕی وتاری بەردەستدا بێت نەنووسراوە. هەرچەند کتێب، کۆتاییننامە و وتارگەلێکی تری بەراوردی هەیە کە بە شێوەی پراکتیکی یان کردەیی هەوڵیان داوە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی ئەنجام بدەن، بەڵام هیچ یەک لەوانە ئاوڕیان لە سەرەتا و بنەڕەتیی لێکۆڵینەوە بەراوردییە کوردییەکان نەداوەتەوە یان لانی زۆر، ئاماژەیەکیان بۆ ئەو بڕوا زاڵەی کردووە کە قامکمان خستە سەری. کەوایە، بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە نوێیە و تیشک دەخاتە سەر ڕاستییەکی مێژوویی-ڕەخنەیی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

### ٣. مێژووی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە جیهاندا

مێژووی لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان لە جیهاندا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوو سەدە لەمەوبەر. بنەڕەت و پاشخانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە سەدەی پازدەهەمی زایینییەوە لە نێو وڵاتە ئورووپییەکاندا داڕێژرا (مکی، ١٩٨٧: ٦٢ کورتکراو)، بەڵام بە واتای زانستی و زانستێکی دەلاقەدار، لە دوو سەدەی پێشەوە لە دایک بووە و هەتا ئەمڕۆکە لە پێگەیین و پێشکەوتندایە. بیروڕای زانایان لە سەر ئەوەی کە یەکەم کەس کە زاراوەی ئەدەبی بەراوردی (Comparative literature) لە ئەدەبی جیهانییدا بە کار هێناوە یەکدەنگ نییە، بەڵام زۆربەیان سوورن لە سەر ئەوەی کە «ڤیلمان[1] یەکەم کەسە کە زاراوەی ئەدەبی بەراوردی بە شێوەیەکی زانستی لە کتێبی *وێنەی سەدەی نۆزدەهەم* بەکار هێناوە کە لە ساڵی ١٨٢٧دا بڵاو بووەتەوە» (مکی، ١٩٨٧: ٦٢؛ بیشوا و م. روسو، ٢٠٠١: ٣٥؛ زرین‌کوب، ١٣٧٤: ١٨١). لە پاڵ نێوی ڤیلمان، نێوی ساینت بۆڤ[2] وەکوو دانەری ئەم زاراوەیە خۆی دەنوێنێت. «یەکەم نووسەر کە ئەم زاراوەیەی بە کار هێناوە ساینت بۆڤە. ساینت بۆڤ ئەو وتارەی بۆ ژان ژاک ئامپێر نووسیوە کە لە ئازاری ساڵی ١٨٣٠دا بڵاو بووەتەوە» (جویار، ١٩٥٦: ١؛ هنری‌باجو، ١٩٩٧: ١١).

1 Abel-François Villemain (1790- 1870)
2 Charles Agustin Sainte-Beuve (1804- 1869)

پێویسته له پاڵ ئاماژه به یەکەم کەس کە زاراوەی ئەدەبی بەراوردی بەکار هێناوە، ئاماژەیەکیش بە واتا و بازنەی گشتیی ئەم بەشە یان ئەم جۆرە لە ئەدەب، بە هەموو قوتابخانەکانیەوە، بکرێت:

> ئەدەبی بەراورد هونەرێکی ڕەوشتاوییە، چونکە لە پەیوەندییە لێکچووەکان، نزیکی، کاریگەری و نزیک‌کردنەوەی ئەدەب بە دیکەی بوارەکانی دەربڕین و مەعریفەت دەکۆڵێتەوە. هەروەها لە بابەت و دەقگەلێک دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان ئەدەب و دیکەی بوارەکانی دەربڕیندایە، هەر چەندی ئەو بابەت و دەقانە بەپێی کات و شوێن لە یەک دوور بن، بەڵام دەبێ پەیوەندییان بە چەندین زمان، فەرهەنگ و نەریتەوە بێت تاکوو باشتر لێیان بکۆڵرێتەوە (شورل، ۱۳۸۹: ۲۵؛ هنری‌باجو، ۱۹۹۷: ۱۸).

ئەگەر دوو دەقی ئەدەبیی نووسراو بە دوو زمانی جیاواز کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان خۆیان و خاوەنەکانیان نییە، هەر دەتوانێت لە بازنەی ئەدەبی بەراوردکاری‌دا بوورووژرێت. بە واتایەکی تر، «لێکۆڵینەوە بەراوردییە ئەدەبییەکان لە خاڵە هاوبەشەکان و جیاوازەکان، سەرچاوەی ئیلهام و دەنگەژە، و کاریگەریی‌دانان و کارتێکراویی نێوان ئەو دەقە ئەدەبییانە دەکۆڵێتەوە کە بە چەند زمان نووسراوە؛ یان بە زمانێکی تر، لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان لە سەر پەیوەندی و هەڵسوکەوتی ئەدەبیی نێوان دوو یان چەند کۆمەڵگا کە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن، توێژینەوە دەکات» (سالمن پراور، ۱۳۹۳: ۱۶). خاڵی بەرچاوی ئەم پێناسەیە، لێکۆڵینەوە لە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی بەرهەمی ئەدەبییە؛ ئەو بنەمایە وا قوتابخانەی ئەمریکی جەختی لەسەر دەکات و دەیەوێت لە ڕێگای دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشە ئەدەبییەکان، دەستی بە سەرچاوەی گەوهەری هاوبەشی مرۆڤی بگات و ناسینەوەیەکی تر و قووڵتر لە مرۆڤ و ڕوانگەی بەرانبەر بە جیهانی دەوروبەری بدات بە دەستەوە.

وشەی بەراورد لە زاراوەی ئەدەبی بەراورد بووەتە هۆی کێشەیەکی سەرەکی لە ئەو زمانانەی کە ئەم زاراوەیانە لە زاراوە سەرەتاییەکەی خۆی (de Littérature Comparée) وەرگرتووە. کەڵک‌وەرگرتن لە دوو زاراوەی فەرەنسی و ئەمریکی بووەتە هۆی ئەوەی کە لە زمانگەلێک وەکوو عەرەبی، فارسی و کوردی چەند زاراوەی بەرانبەری بۆی دابنرێت. باسی باش و خراپیی زاراوەکان وە لا دەنێین و هیچ ڕایەک دەرنابڕین، بەڵام دەبێ بزانین کە «زاراوەی ئەدەبی بەراورد لێکۆڵینەوە و توێژنەوەی ئەدەب دەردەخات کە لە ڕاستی‌دا دەبێ وەکوو سەردێڕێکی بنەڕەتی و بنەمایی چاو لە بەراورد بکرێت، نەک ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبەکە» (هەمان: ۱۰). واتای ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە ئەدەب خۆی لەگەڵ ئەدەبێکی تردا بەراورد ناکات، بەڵکوو لەگەڵ ئەدەبێکی تردا بەراورد دەکرێت. بە واتایەکی تر، ڕۆڵی ئەدەب کاراپێوەر نییە، بەڵکوو بەرکارپێوەرە. لێکۆڵەری بەراوردکار، ئەدەبێک لە بەرانبەری ئەدەبێک یان چەند ئەدەبی تردا دادەنێت و پێکەوە بەراوردیان دەکات.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراورد بە گشتی، قوتابخانەی ڕۆمانتیزم بووە. بێ‌گومان ئەگەر ئەم قوتابخانەیە درەنگتر یان زووتر پەیدا بوایە، ڕەوتی سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردیش بە هەمان ڕادە، دێرتر یان زووتر ڕووی دەدا. «ڕۆمانتیزم کلیلی چاخە نوێیەکانە لە بازبوونی بیر و کەشی ویژەدا. گرنگییەکەی لە مێژووی بیر و هزری نوێ‌دا زۆرە، چۆنکوو ڕۆمانتیزم ـ بە بۆنەی ئەوەی کە بنەماگەلێکی هەبوو کە بەستێنی بۆ ڕوانگە و بۆچوونگەلێکی نوێ لە سەدەی هەژدەهەم‌دا دابین دەکرد ـ بەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤی بۆی ئاسان کرد، و هاوکاتیش بەستێنی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی ئامادە دەکرد» (غنیمی هلال، ۲۰۰۸: ۳۲). لێرەدا مەبەست لە مرۆڤ هەر هەمان چینی خوار و بن‌دەستی کۆمەڵگایە کە لە دوای سەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕۆمانتیزم لە دایک دەبێت و بەرانبەر بە چینی سەروو و باڵادەست دەوەستێتەوە و داوای ئەو مافگەلەی خۆی دەکات کە بە درێژایی مێژوو لەلایەن ئەو چینەوە پشتگوێ خراوە. جۆری ئەدەبی ڕۆمان و چیرۆکیش بە واتای نوێیەکەی، دوای سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیە بوو کە چینی خوار بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی خۆی بەکاری هێنا.

## ٤- قوتابخانەی بەراوردیی ئەمریکی و گرنگترین بنەماکانی

هەرچەند کە لە مێژووی ئەدەبی بەراورد لە جیهاندا، لە پاڵ پێناسەی ئەدەبی بەراورددا سووکەئاماژەیێک بە بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە و لایەنگرانی کرا، بەڵام پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بدەینەوە تا بزانین بە چ شێوەیەک لێکۆڵینەوە بەراوردییەکەی سەجادی دەخاتە نێو بازنەی ورووژاندنەکانی خۆیەوە. قوتابخانەی ئەمریکی وەکوو لقێکی بنەڕەتی لە ئەدەبی بەراورددا، لە دوای یەکەمین قوتابخانە، واتە قوتابخانەی فەڕەنسی دەرکەوت. دەرکەوتنی قوتابخانەی ئەمریکی لە زۆربەی سەرچاوەکاندا، لەپێناو قەیرانی ئەدەبی بەراورددا ناسراوە. «رێنێ وێلک[3] لە ساڵی ١٩٥٨دا، لە دووەمین کۆنفرانسی جیهانیی ئەدەبی بەراورد لە زانستگای چیپڵ هیڵ[4]، گوتارە مێژووییەکەی خۆی بە نێوی قەیرانی ئەدەبی بەراوردەوە ئاراستە کرد» (علوش، ١٩٨٧: ٩٧؛ عبود، ١٩٩٩: ٤٧؛ عبدالعزیز، ٢٠٠٢: ٩) و لە دوای ئەم ڕێککەوتەوە، قوتابخانەیەک بە نێوی قوتابخانەی ئەمریکی لە بەرانبەر قوتابخانەی فەڕەنسی هەڵدەستێت. ئەم قوتابخانەیە، هەموو بنەماکانی قوتابخانەی فەڕەنسیی بە تەواو و گشتگیر دانەدەنا. لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە دەڵێن نابێت ڕەخنەی ئەدەبی، تەنیا ئاوێنەیەک لە ئەو لێکۆڵینەوە ئەدەبییانە بێت کە گرنگی بە پاشخانی مێژوویی و بەسەرهاتی دانەر و کێشەی سەرچاوەکان و هتد دەدات، بەڵکوو لایەنگری لە توێژینەوەیەک دەکەن کە شیرەوچەفتەکەی تەنیا دەقی ئەدەبییە و ئامانجەکەشی تێگەیشتن لە شێوازی بەکارهێنانی زمان لە بەرهەمی ئەدەبییە (مکی، ١٩٨٧: ٢٥٥ کورتکراو). واتە ئەم قوتابخانەیە، وەکوو قوتابخانەی فەڕەنسی، گرنگی بە کاریگەریدانان و کارتێکراوی و مێژووی نێوان دوو یا چەند ئەدەب نادات، بەڵکوو لەجیاتی گرنگیدان بە ئەو دیاردەگەلە، خودی ئەدەبەکە و دەقەکەی لا گرنگە و دەیەوێت لە جیاتی تەوەرگەلی دەرەکیی دەق، بەدوای تەوەرگەلی ناوەکیی دەقدا بگەڕێت. بەم چەشنە، «تاکی ترازووی توێژینەوەی ئەدەبی لە لای پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە (واتە پەیوەندیی ویژەوان و ژیانەکەی، و پەیوەندیی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی) بەرەو لای پەیوەندییە ناوەکییەکانی بەرهەمی ئەدەبیی داکشا» (عبود، ١٩٩٩: ٤٨). لە لایەکی ترەوە، بە پێچەوانەی قوتابخانەی فەڕەنسی کە خۆی لە بازنەیێکی بەرتەسکدا هەڵگوشابوو و لێکۆڵینەوەی بەراوردیی لە دەرەتانی ئەدەبدا حەشار دابوو، قوتابخانەی ئەمریکی لە بازنەیەکی بەربڵاوتردا، «لێکۆڵینەوە لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و دیکەی دیاردە مەعریفەتناسانەکان وەکوو هونەرەکان (وەکوو وێنەگەری و پەیکەرسازی و بیناسازی و مۆسیقا) و فەلسەفە و مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (وەکوو سیاسەت و ئابوور و کۆمەڵگا) و زانستە گشتییەکان و دینداری و هتد دەکات. بە کورتی، بەراوردکردنی ئەدەب و ئەدەبانی دیکە، یان ئەدەب و دیکەی دیاردەکانی دەربڕینی مرۆڤی» (الخطیب، ٢٠١٨: ٣٣). ئەم ڕوانگە، بازنەی لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان زۆر بەربڵاوتر دەکات و بەردەوام بە دوای دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و لێکچوو لە نێوان گشت ئەم بوارانەدایە تاکوو بە دەستێکی بازترەوە بەدوای گەوهەری هاوبەشی مرۆڤیدا بگەڕێت. کە وایە، لە پاڵ ئەو بنەما سەرەتاییانە کە قوتابخانەی ئەمریکی بە ناتەواوی دەزانی، گرنگترین بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە لە ئەم خاڵانەدا دەردەکەوێت: دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و جیاواز لە نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکان و دیکەی بوارەکانی دەربڕینی مرۆڤی بۆ گەیشتن بە گەوهەری هاوبەشی مرۆڤی؛ لەبەرچاونەگرتنی پەیوەندیی مێژوویی، فەرهەنگی و هتد لەنێوان دوو یا چەند بەرهەمی بەراوردکراو و قەناعەتکردن بە هەبوونی لێکچوونی پەتی؛ گرنگیدان بە خودی دەقی ئەدەبی یان بەرهەمی هونەری و بگۆڕە ناوەکییەکان لە جیاتی بگۆڕگەلی دەرەکیی دەق یان بەرهەمەکە، تێکەڵاوبوونی ڕەخنەی نوێ و بەراوردکردن.

---

[3] René Wellek (1903- 1995)

[4] Chapel Hill.

## ۵- سەرەتای لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان لە ئەدەبی کوردی‌دا

هەرچەند کە مێژووی ئەدەبی بەراورد لە ڕۆژئاوای جیهاندا دوو سەدەی تێپەڕ کردووە، بەڵام ئەم جۆرە ئەدەبییە درەنگتر گەیشتووەتە ڕۆژهەڵاتی جیهان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەروەها کوردستانیش. ئەم ڕەوتە تایبەت بە ئەدەبی بەراورد نییە، بەڵکوو ڕەوتی ئاڵوگۆڕی هەر دیاردەیەکی نوێی ئەدەبی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی لە سێ‌چوار سەدەی ڕابردوودا هەر وا بووە و بەپێی کات، درەنگتر گەیشتووەتە ئەوێ. ئاماژەی پێ‌کرا کە سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراورد بە قوتابخانەی ڕۆمانتیزمەوە گرێ دراوە. یەکێک لە کاریگەرییەکانی ئەم قوتابخانەیە دابین‌کردنی بەستێنی پێویست بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش لەلایەن چینی ژێردەستەوە لە بەرانبەر چینی باڵادەست بوو. کۆمەڵگای کوردیی کوردستانی باشوور لە بەرانبەر حکوومەتی ناوەندیی عێراق لە سەدەی بیستەم‌دا، لە لووتکەی پێداگری لە سەر نیشتمانپەروەری، بەرەنگاری و بەرخۆداندا بوو. ڕەوتی نەتەوەخوازیی کوردیی باشووری کوردستان لە سەدەی بیستەم‌دا خێراییەکی زۆرتری بە خۆیەوە بینیوە و ئەم ڕەوتە، لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت لە وێژەدا ڕەنگی داوەتەوە. «لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە کە خەباتی ڕزگاریی نەتەوەی کورد زیاتر پەرەی سەند و بیروڕای کۆمەڵایەتیی نوێ سەری هەڵدا، لە ئەدەبدا ناوەرۆک و بابەتی نیشتمانپەروەری پەیدا بوو. وەک ئاشکرایە ئەم بیروڕایانە لە سەدەی هەژدەهەم لەسەر دەستی ئەحمەد خانی و لە سەدەی نۆزدەهەم لە سەر دەستی حاجی قادر کۆیی وەک پێشبینییەک لە شیعری کوردی‌دا کەوتنە ناوەوە» (خەزنەدار، ۲۰۰۵: ۱۳). ئاستی بیر و ڕوانینی بەردەنگیش هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا ڕەویا بووەوە و پەرەی سەندبوو و ئێستا و داهاتووی خۆی لە نێو دەستی ئەو چینە نوێیە دەدۆزییەوە کە لە بەرانبەر چینی سەروودا وەستابووەوە. «لە ماوەی بیستەکان-چلەکانی سەدەی بیستەم، لیریکی تازەی ڕۆمانتیکی کوردی پەیدا بوو. ناوەرۆکە کۆنەکانی دڵداری و نائومێدی و غەم و پەژارەی ژیان و جوانیی سروشت بەردەوام بوون، بازاڕیان هێشتا گەرم بوو و شاعیری باش لەم لایەنەوە لە ناوەوە بوون، بەڵام بەگشتی خەڵکی کورد و بەتایبەتی نەوە تازەکان لە شاعیرانی کورد لە قاڵبی ئامادەکراوی کلاسیکی دوور کەوتنەوە. بە لای ئەمانەوە ڕاستی و ڕووداو ماکی ئەدەبی نوێیە» (هەمان: ۲۵).

کەرتێکی گەورەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردیی ئەو کاتەی کوردستانی باشوور بە نەتەوەخوازی و نیشتمانپەروەرییەوە بەستراوە و ئەم ڕاستییە ڕوونە، کاریگەریی لە سەر یەکەیەکەی بوارەکان و کەسایەتییەکان داناوە. عەلائەدین سەجادی وەکوو کەسایەتییەکی زانا و ڕۆشنبیر لە سەدەی بیستەم‌دا نەیتوانیوە لە ئەتمۆسفێر و فەزای زاڵی ئەو سەردەمەی کوردستانی باشوور دوور بێت و چالاکییەکانی خۆی لە خزمەتی پارادایمی زاڵی ئەو بەشەی کوردستان دانەنێت. هەوڵ و چالاکییەکانی ئەم کەسایەتییە لە بواری مێژووی ئەدەبی کوردی لە کتێبە بەناوبانگەکەی‌دا دەرخەر و سەلمێنەری زانایی و ڕۆشنبیری و خەمخۆرییە بۆ زمان و وێژەی کوردی. عەلائەدین سەجادی بەردەوام هەوڵی داوە زمان و وێژەی کوردی بە خودی کورد بناسێنێت و لە ئەم خەرمانە پڕبەرەکەتە ئاگاداریان بکاتەوە و جێگەوپێگەی ئەم ئەدەبە لە بەرانبەر و لەپاڵ ئەدەبگەلی تردا دەر بخات. «یەکەم هەنگاوی گرنگ و گشتگیر بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەمی *مێژووی ئەدەبی کوردی*، بەرهەمی عەلائەدین سەجادی بوو کە لە ساڵی ۱۹۵۲دا چاپ کرا (بەرگی دووەم لە ۱۹۷۱دا بڵاو کرایەوە). ئەم کتێبە جیا لەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیی لەخۆ دەگرێ، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا وەکوو یەکەمین نموونەی گرنگی ڕەخنەی سونەتی و ئەخلاقی دادەنرێ و بایەخیشی داوەتە لێکدانەوەی واتایی شیعرەکان» (سەجادی و ئیبراهیمی، ۱۳۹۷: ۳۶۷).

لە درێژەی ئەم وتارەدا دەبینین کە عەلائەدین سەجادی هەر لە ئەم کتێبە بەنرخەی خۆی‌دا چ بەشێکی گرنگ لە ئەدب دەوروژێنێت و مێژووی ناسین و پەیوەندیی کورد بە ئەو بەشەوە دەباتە پاشترەوە و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە کوردیش پێی

خۆش بووە وەکوو نەتەوەکانی دیکە لە ڕەوتی گەشەی بوارە ئەدەبییەکاندا هاوبەش ببێت و خۆی بە ئەدەبی جیهانییەوە گرێ بدات. ئەو بەشە گرنگە، ئەدەبی بەراوردە کە عەلائەدین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بۆ یەکەم جار ئەو زاراوەیەی وەکوو بەرانبەرێک بۆ (Comparative literature) بەکار هێناوە و هاوکاتیش دەستی داوەتە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی. دەستپێکی ئەدەبی بەراورد لە ئەدەبی کوردیدا بە عەزیز گەردییەوە پاڵ دراوە و بەپێی ئەم بیروڕایە، مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردی کوردی بۆ حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. «دکتۆر عەزیز گەردی لەم بوارەدا پێشەنگە چونکە یەکەم بەرهەمی بەراوردی ئەدەبی لەژێر ناونیشانی (ئەدەبی بەراوردکاری)دا داناوە» (کەلاری، ٢٠١٤: ٦٤). واتە سەرەتای ناسینی ئەدەبی بەراورد لەلایەن کوردەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە و یەکەم جاریش عەزیز گەردی زاراوەی ئەدەبی بەراورد یان ئەوەی کە لە سەر کتێبەکەی *ئەدەبی بەراوردکاری* (١٩٧٨) بەکار هێناوە. «لە ڕووی زاراوەی ئەدەبی و کێشەکانییەوە تەماشا بکرێت. عەزیز گەردی زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری بەکارهێناوە» (هەمان: ٦٥). کەوایە، بەپێی ئەم ڕایە، کورد بەشوێن ئەم بەرهەمەدا وردەوردە لەگەڵ ئەدەبی بەراورددا ئاشنا بووە. ئیدریس عەبدوڵا سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراورد لە ئەدەبی کوردیدا دەڵێت: «لای کوردیش بایەخدانەکان بە ئەدەبی بەراوردکاری بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، یەکەمین کتێب لەم بوارەدا کتێبەکەی مامۆستا عەزیز گەردییە بە ناونیشانی ئەدەبی بەراوردکاری» (عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٦٤). ئەم بۆچوونە دەربڕی ئەوەیە کە عەزیز گەردی لە کتێبی *ئەدەبی بەراوردکاری*دا باسی عەلائەدین سەجادی وەکوو دانەری زاراوەکە ناکات و توێژینەوەکەشی بە نازانستی دێنێتە ئەژمار، بەڵام دەبێ جارێکی تر بە وردبوونەوەیەکی زانستییانەوە سەرنج بدەینە ئەم بەشە گرنگەی ئەدەبی کوردی. گرنگیی ئەوەی کە کێ یەکەم جار هەوڵی دانانی زاراوەی ئەدەبی بەراوردی داوە، لەوەدایە کە سەرەتای ئاشنایەتی و ناسینی نەتەوەی کورد بۆ ماوەی نزیکەی سی ساڵ کۆنتر دەکات و هاوکاتیش ڕادەی چاوەڕوانی لە توێژەران و لێکۆڵەرانی بواری لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان دەباتە سەرەوە و ڕەوتی پێکهاتنی قوتابخانەیەکی کوردی لەم بوارەدا دیارتر دەکات.

عەلائەدین سەجادی لە ساڵی ١٩٥٢دا کتێبە گرنگەکەی خۆی، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، لە چاپ داوە و بڵاوی کردووەتەوە. ئەم بەرهەمە چەندین بابەت و بواری جیاوازی گرتووەتە بەر کە بریتین لە: بنچینەی کورد؛ مێژووی ئەدەب و گرنگی و جۆرەکانی؛ ئەدەبی کوردی و بەتایبەت جۆری شیعر؛ ژیان و بەرهەمی بیست و سێ شاعیری کورد کە بە بابەتاهیری هەمەدانییەوە دەست پێدەکات و بە فایەق بێکەسەوە کۆتایی دێت؛ باسی چەند شاعیرێکی تر کە تەنیا بە ڕیزکردن، ناویان و زانیارییەکی کەموکورت سەبارەت بە ژیانیان هاتووە؛ و لە کۆتاییدا باسی ئەدەبی عالەم. بەشی کۆتایی کە نزیکەی شەست لاپەڕەیە، باس لە ئەدەبی عالەم دەکات کە لە ڕاستییدا یەکەم وێنەی لێکۆڵینەوەی بەراوردیی کوردییە کە تا ئەو کاتە، واتە ساڵی ١٩٥٢، ئەنجام دراوە و نووسەر بە هۆشیاری و ئاگایی لە کەشوهەوا و بارودۆخی گشتیی ئەدەبی بەراورد و قوتابخانە و بنەماکانییەوە لەژێر سەردێڕی ئەدەبی عالەمدا دایناوە، چونکوو لە ڕاستیدا ئەدەبی بەراورد، لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بە ئەدەبی جیهانییەوە بەستراوە و «لە پەیوەندییە پێچەڵپێچەکان و پێکگەیشتنەکانی ئەدەبەکانی جیهان بە زمانە جیاوازەکانیانەوە لە ئێستا و ڕابردوویاندا دەکۆڵێتەوە» (غنیمی‌هلال، نا: ١٦).

یەکەم لێکۆڵینەوەی بەراوردی لە ئەدەبی ناوەندیی، و بە شیمانەیەکی زۆرەوە لە ئەدەبی کوردی بە گشتی، وەکوو گشت لێکۆڵینەوە بەراوردییەکانی زۆربەی ئەدەبگەلی جیهان، سادە و ساکارە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو بەرهەمە سادەیە بووەتە هۆی داگیرسانی ڕەوتی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە. عەلائەدین سەجادی لە سەرەتای داختنی باسی ئەدەبی بەراورد و گەرم‌کردنی تەنووری لێکۆڵینەوە بەراوردییەکاندا، بەم جۆرە دست پێ‌دەکات و دەڵێت:

> تا ئەم شوێنە باسی چۆنیەتیی سەرەتای مێژووی ئەدەب و پەیدابوونی ئەدەب کرا و هاتینە سەر ئەدەبی کوردی لە پەیدابوونیەوە تا گەیشتە ئەدەبی شاعێرە گەورەکانی کورد و ئەدەبی ڕۆژنامە .. لە ئێستە بەدواوە ئەمانەوێ لەپێشا لە هەر یەک لەم پارچە زەویانەدا کە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی کۆنەوە و خاوەنی ئەدەب و ئەدەبیات بوون بە ئەندازەی دەستەڵات، تۆزێکیان لێ باس بکەین و لەپاش ئەوە بچینە سەر ئەدەبی ڕۆژاوا، وە یا ئەدەب بە تێکڕا لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئیمڕۆژ بۆ ئەوە لەپاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە بتوانرێ، با بە کەم‌وکۆڕیش بێ، بەراوردێک لە بەینی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی عالەمدا بکرێت (سەجادی، ۱۹۵۲: ۵۵۹).

سەجادی لەم وتەیەی خۆیدا، بێجگە لەوەی زاراوەی بەراوردی لە بەرانبەر (Comparative) و ئەدەبی بەراوردی بەکارهێناوە، دوو کاری دیکەشی ئەنجام‌داوە. یەکەم، بەراوردێکی ساکار لەنێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبگەلی دراوسێ مێژینەکانی کوردی ئەنجام داوە و، دووەم، بەراوردەکەی بە هەڵکەوت بەپێی بنەماکانی قوتابخانەی ئەمریکی نووسیوە کە لەو کاتەدا هێشتا لە ئارادا نەبووە. یەکەم قوتابخانە و تەنیا قوتابخانەی زاڵ تاکوو ساڵی ۱۹۵۸ قوتابخانەی فەرەنسی بووە. ئەرکی بنەڕەتیی قوتابخانەی فەرەنسیی کە بە قوتابخانەی مێژوویش ناوبانگی دەرکردووە، دۆزینەوەی کاریگەری‌دانان و کاریگەریی وەرگرتنە لە نێوان ئەو نەتەوەگەلە کە پەیوەندییەکی مێژوویيان پێکەوە بووە. «قوتابخانەی فەرەنسی لە پەیوەندییە دیارەکانی نێوان زنجیرە بەرهەمگەلێکی ئەدەبیی نەتەوەکان ورد دەبێتەوە کە لە ڕێگای پەرەپێدانی چێژ و دەربرین و جۆر و هەستەکانەوە هاتوونەتە بەرهەم. کەوایە، ئەم قوتابخانەیە ڕەوتی ئاڵ‌وگۆڕی ڕواڵەتیی وەرگرتنەکان دەدۆزێتەوە و باوەر و سنوورێکیش بۆ کەشی کاریگەرییە دەرەکییەکان لەسەر نووسەرە گەورەکان دابین دەکات» (علوش، ۱۹۸۷: ۵۹). ئەم قوتابخانەیە تاکوو ساڵی ۱۹۵۸ تەنیا قوتابخانەی ئەدەبی بەراورد بووە و هیچ یەک لە قەتابخانەکانی ئەمریکی، سولاڤی و هتد ناوێکیان نەبووە، بەڵام لێکۆڵینەوە بەراوردییەکەی سەجادی بە هەڵکەوت دەکەوێتە نێوان بازنەی قوتابخانەی ئەمریکییەوە کە دوای خۆی سەری هەڵ‌داوە. «قوتابخانەی فەرەنسی لە دەرفەتەکان کەڵکی وەرگرت و ئەم بوارەی تا نزیکەی ساڵی ۱۹۵۸ کرد بە نێوی خۆیەوە، تاکوو ئەو کاتەی کە رێنێ وێلک لە بەرانبەری ڕاوەستا و ئەو بارەقەڵاییەی لە قوتابخانەی فەرەنسی سەند و ئاراستەی قوتابخانەی ئەمریکیی کرد» (هەمان: ٦١). لە بەرانبەر قوتابخانەی فەرەنسی، توێژەرانی ئەمریکی لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی، قوتابخانەیەکیان دامەرزاند کە بازنەکەی «هەمان بازنەی کاریگەری‌دانان و کارتێکراوی بوو، بەڵام لە دەرەتانێکی بەربڵاوتردا. واتە ئیتر توێژەر بە داوی سەلماندنی کاریگەری و کارتێکراویی نێوان دوو بەرهەم نییە و هەر ئەوەی کە وێکچوونگەلێک لەنێوان بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بێت» (شرکت‌مقدم، ۱۳۸۸: ٦٣ و ٦٤) دەتوانێت لە بازنەی ئەدەبی بەراورددا جێگای خۆی بکاتەوە. هۆکاری ئەوەش کە عەزیز گەردی توێژینەوەکەی عەلائەدین سەجادی بە نازانستی دادەنێت هەر ئەمەیە کە عەزیز گەردی تەنیا بەپێی بنەماکانی قوتابخانەی فەرەنسی مامەڵەی لەگەڵ توێژینەوەی ئاماژەپێکراودا کردووە و قوتابخانەی ئەمریکی لەبەرچاو نەگرتووە یان ڕەنگە لەو کاتەدا ئاگای لێ نەبووە؛ هەر بەم بۆنەوە سەبارەت بە ئەو توێژینەوەیە دەڵێت: «ئێمە ئەوەمان بۆ ڕوون بۆتەوە کە هەر بەراوردێکی ئەدەبی لەنێوان دوو بەرهەمی دوو نەتەوەی جیاوازدا بکرێ، ئەگەر بەراوردکار لە پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکەیدا پەیوەندیی هەر دوو جەمسەرەکە نەدۆزێتەوە،

بەڵگەی مێژوویی بۆ سەلماندنی نەهێنێتەوە، لێکۆڵینەوەکەی هەر چەندە بە ڕواڵەتیش بەراوردکردنی تێدا بێ بەڵام لە ڕاستەقینە و گەوهەردا لە خانەی بەراوردی زانستی دەردەچێ» (گەردی: ١٩٧٨: ١٢٤).

ئەدەبی بەراورد، هاوکات خزمەتی ئەدەبی نەتەوەییش دەکات و گرنگیدان بە ئەدەبی جیهان نەبووەتە هۆی لەبیرچوون و فەوتانی ئەدەبی نەتەوەیی. «کارامەیی ئەدەبی بەراورد لە دوو ئاستی نەتەوەیی و جیهانیدا دەردەکەوێت کە هەر کامیان سوود و قازانجی خۆیان هەیە. لە ئاستی نەتەوەییدا، زانیاری سەبارەت بە ئەدەبگەلی بیانی و بەراوردیان لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەییدا دەبێتە هۆی دابەزینی وشکەڕۆیی و لایەنگریی کوێرانە لە زمان و ئەدەبی نەتەوەیی. هەروەها لێکۆڵینەوەی بەراوردی، دەرفەتی ناسینی میراتە ڕەسەنەکان بە لێکۆڵەر دەدات» (ندا، ١٩٩١: ٢٦ و ٢٧ کورتکراو). ڕەخنەگر و مامۆستای ئەدەبی بەراورد لە زانستگای ئۆکسفۆرد سەبارەت بە گرنگیی ناسینی ئەدەبی نەتەوەیی و پەیوەندییەکەی لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەبی بیانی و جیهاندا دەڵێت: «ئەزموونی مامۆستایی لە بەریتانیا و ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا فێری کردم تەنیا کەسانێک دەتوانن لە ناسینی فەرهەنگی بیانیدا سەرکەوتوو بن کە تێگەیشتن و فامێکی قووڵیان لە ئەدەبی خۆیان هەیە» (سالمن پراور، ١٣٩٣: ٥). سەجادی بەباشی لە ئەم بابەتە گرنگە تێگەیشتووە و هەوڵی داوە نەتەوەکەشی لێی ئاگادار بکاتەوە و هەر بەم بۆنەوە دەڵێت: «بۆ ئەوە لە پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە بتوانرێ، با بە کەمەکوورپیش بێ، بەراوردێک لە بەینی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی عالەمدا بکرێت. وە دیسان مێژووی ئەدەبی کوردی وەنەبێ ئەوەندە تەریک بێت لە عالەم کە بیزی لەم جۆرە شتانە بێتەوە! بەڵکوو لەگەڵ ئەوەش کە خراوەتە پشت گوێ، کەمەوزۆرێک هەر ئەتوانێ تاکی تەرازووی خۆی ڕاست کاتەوە» (سەجادی، ١٩٥٢: ٥٥٩). سەجادی بە هێنانی بەراوردێکی کورت لە کۆتایی کتێبەکەیدا دەیەوێت ئەو ڕاستییە بە بەردەنگی خۆی بڵێت کە دەبێت کوردیش وەک گشت نەتەوەکانی دیکە گرنگی بداتە ئەدەبی نەتەوەیی خۆی و لە هەمان کاتیشدا چاوێکی باز و بیرێکی گەشی سەبارەت بە ئەدەبی جیهانییشەوە بێت تاکوو هەم بتوانێت خزمەتێکی باش بە ئەدەبی نەتەوەیی خۆی بکات و جێگە و پێگەی لە ئاستی ئەدەبی جیهانیدا بەرچاوتر و پتەوتر بکات و هەم لە ئەدەبی جیهانیدا بەش بە حاڵی خۆی، ئەرک و ڕۆڵێک بنوێنێت و لە خزمەت ئەدەبی گشتی و مرۆڤایەتیدا بێت.

دەرکەوت کە سەجادی لە وتەکانی خۆیدا ئاماژەی بە زاراوەی ئەدەبی بەراورد یان بەراورد دەکات و وەکوو بەرانبەرێک بۆ زاراوەی (Comparative literature) بەکاری دێنێت و دەڵێت: «بتوانرێ، با بە کەمەکوورپیش بێ، بەراوردێک لە بەینی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی عالەمدا بکرێت» (هەمان: ٥٥٩). هەروەها لە بەشێکی تر لە وتەکەیدا دەڵێت: «لە بەراوردکردنی ئەدەبەکاندا لە هەموویاندا ئەم ڕێگەیەمان گرت» (هەمان: ٥٧٢). ئەم زاراوە لە ئەدەبی کوردیدا بۆ یەکەمجار لەم کتێبەدا هاتووە و عەزیز گەردیش زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریی (وەکوو چاوگ) لە ساڵی ١٩٧٨ لە زاراوەی ئەدەبی بەراوردەوە وەرگرتووە (گەردی، ١٩٧٨: ١٤ کورتکراو). ئەگەر چاوێک لە مێژووی کورد و ئەدەبەکەی بکەین دڵنیا دەبین لە ئەوەی کە دانانی بەشێک کە دەپەرژێتە سەر بوارێکی نوێی ڕۆژ لەو کاتەدا، هەوڵێکی ئێجگار مەزن، گرنگ و زانستییانە بووە کە نووسەر بۆی چووە، ئەویش لە کاتێکدایە کە ژماری کتێبگەلی مێژووی ئەدەبی، دەلاقە و خشتەیەکی ڕێکوپێک و گشتگیریان نەبووە و ژمارەشیان نەگەیشتووەتە پێنجشەش دانە.

یەکێک لە مەرجەکانی هەر لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی، هەبوونی دوو یان چەند زمان لە بەرانبەر یەکتردایە، واتە تەنیا بەرهەمگەلێک دەتوانن لە بواری ئەدەبی بەراورد دەستەبەر بکرێن و وەکوو لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی بێنە ئەژمار کە بە دوو یان چەند زمان نووسرابێت. «دەبێ دەقگەل یان بابەتگەلێک پێکەوە بەراورد بکرێن کە ئەم مەرجەیان بێت و ئەویش ئەوەیە کە پەیوەندییان بە چەند زمان، فەرهەنگ یان نەریتەوە بێت تا باشتر شی بکرێنەوە و لێیان بکۆڵرێتەوە» (شورل، ١٣٨٩: ٢٥؛ هنریباجو، ١٩٩٧: ١٨). سەجادی تێگەیشتنێکی باشی لە ئەم مەرجە بووە و جیاوازیی نێوان گۆڕەپانی بەراورد یان تەتبیق (تایبەت بە بەرهەمگەلێک کە بە دوو یان چەند زمان نووسراوە) و هەڵسەنگاندن یان موقایسەی (تایبەت بە بەرهەمگەلێک کە بە یەک

زمان نووسراوه) زانیوه و دەڵێت: «جا بەو بۆنەوە کە قسەمان لە ئەدەبی هەر قەومێکەوە کرد ئەدەبێکی کوردیشی لە گەڵا باس ئەکەین بۆ ئەوە هەردووکیمان لەم مەیدانەدا بۆ دەرکەوێ و بەراورد لە بەینی ئەدەبی دوو قەومدا بەپێی زەمان بێتە دەست پیاو، کە ئەمە خزمەتێکی بەرامبەر بە عیلم و ئەدەب ئەکرێت» (سەجادی، ۱۹۵۲: ۵۵۹). مەبەست لە ئەم خزمەتە خزمەتێکە ئەدەبی بەراورد بە ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی جیهانی دەیکات. دیارە کە سەجادی بەباشی لە گرنگیی لێکۆڵینەوەگەلی ئەدەبی و کاریگەری و کەڵکەکانی بەراودکاری بۆ ئەدەبی کوردی تێگەیشتووە و هەوڵی داوە دەلاقەیەک بەرەو ڕووی ئەم بوارە گرنگ و پێویستە، بەتایبەت بۆ ئەدەبی کوردی، بکاتەوە و ببێتە پزووسکەیەک بۆ هەڵکردنی ئاگردانی لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرەتای لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان لەلایەن هەر نەتەوەیەکەوە سادە و ساکارە و هەوڵەکەی سەجادی-ش لە لێکۆڵینەوە بەراوردییەکەی خۆیدا لە ئەم ڕەوتە بەدەر نییە، بەڵام شایانی ئاماژەیە کە سەجادی تەنیا بە باسکردنی خشتوخاڵی ئەدەبی کوردی و شاعیرانی کورد و بەراوردیان لەگەڵ ئەدەبگەلی دیکە و شاعیرەکانیان وازی نەهێناوە، بەڵکوو زانستییانەبوونی قسەکانی خۆی بە هێنانەوەی میناک و وێنەگەلێک لە ئەدەبی کوردی و بەرانبەرەکانی لە ئەدەبگەلی کۆنی میسری، فارسی، چینی، هیندی، عیبری، یۆنانی و ڕۆمانی سەلماندووە. ئێمە ناتوانین گشت وێنەکانی عەلائەدین سەجادی لێرەدا بێنین و بەم بۆنەوە تەنیا ئاماژە دەکەین بە بەشێک لە بەراوردی چیرۆکی کۆنی میسریی ئوزیریس و ئیزیس[5] لەگەڵ هاوتاکەی لە کوردیدا کە پۆشین و پامیر[6]ـی ناوە. سەجادی سەبارەت بە میسرییەکانی کەونارا دەڵێت: «کتێبی وەسایا (وصایا)یان هەیە، کە هی بەتاح حوتەبە ... لە چیرۆکیشدا کۆنترین چیرۆکی میسری کۆن، حەقایەتی ئوزیریس و ئیزیسە ... بەکورتی ئەم چیرۆکە: ئوزیریس ڕەوانەکراوی خوا بوو کە داد لەسەر زەوی بڵاو کاتەوە؛ مەردمی فێر کشتوکاڵ و دۆزینەوەی کان کرد و هتد» (هەمان: ٥٦٢). دوای هێنانی کورتەیەک لە چیرۆکەکە و باسکردن و شیکردنەوەی، بەرانبەرەکەی لە ئەدەبی کوردیدا دێنێت و بەم جۆرە دەڵێت: «بەرامبەر بە چیرۆکی ئوزیریس و ئیزیسی میسری، چیرۆکی پۆشین و پامیر هەیە لە کوردیدا، بەڵام لە چە وەخت و دەورێکدا بووە ئەمە نازانرێت، ئەوەندە هەیە کەینوبەینەکە دەورێکی زۆر کۆن پێشان ئەدا. بە کورتی چیرۆکەکە ئەڵێ: پادشایەکی زەبەردەست هەبوو لە شارێکا قەڵەمرەوێکی زۆری هەبوو، شارەکەش مەردمێکی فرەی تێدا بوو و هتد» (هەمان: ٥٦٧). سەجادی لە لێکۆڵینەوە بەراوردییەکەی خۆیدا هەر بە ئەم شێوە کاری کردووە و لە بەراوردکردنی ئەدەبی کوردی لەگەڵ باقی ئەدەبەکانیتردا نموونە لە هەر دوو ئەدەبەکە دێنێتەوە. بەراوردەکەی سەجادی بەپێی کاتی خۆی زۆر بەنرخ و زانستییانە بووە و ڕێچەی شکاندووە تاکوو کەسانی تر پێ بنێنە ئەم بوارە و پەرەی پێبدەن. نووسینی لێکۆڵینەوەیەک بە ئەو جۆرە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا، دەرخەری وریابوونی نووسەرە سەبارەت بە ئەدەبی نەتەوەکەی و بارودۆخی ئەدەبی جیهانی. بێگومان ئەگەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی باشوور لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمی زایینیدا تووشی تەنگ و چەڵەمەگەلێکی زۆر نەبوایە، ڕەوتی لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان لە ئەدەبی کوردیدا داهاتوویەکی زۆر گەشتری بە خۆیەوە دەبینی و ئەدەبی کوردی ئێستا لەم بوارە گرنگ و پێویستەدا قسەیەکی زۆری هەبوو بۆ گوتن و هاوکاتیش کەلێنگەلێکی زۆری لە مێژووی ئەدەبەکەی خۆیدا پڕ کردبووەوە و خۆیشی باشتر بە کورد و گشت جیهان ناساندبوو.

---

[5] Osiris and Isis

[6] سەرچاوەی ئەم چیرۆکە لە ئەدەبی کوردی بۆمان دەرنەکەوت، بەڵام دیارە عەلائەدین سەجادی سەرچاوەکەی لە بەردەستدا بووە.

## ٦- ئەنجام

لە دوای ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە سەرەتا، پێشەنگ و زاراوەی ئەدەبی بەراورد لە ئەدەبی کوردی‌دا، هەندێک دەرئەنجام دەستگیرمان بووە کە بریتین لە: سەرەتای لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان و ئەدەبی بەراوردی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەمی زایینی. هەر بەپێی ئەمە، کورد لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە وردەوردە لەگەڵ ئەدەبی بەراورد ئاشنا بووە و هەوڵی داوە بە ئاگایی و زانیارییەوە سەبارەت بە ئەدەبەکەی خۆی بدوێت و لە تاکی ترازووی دراوسێیەکانی خۆی‌دا داینێت و لە هەمان کاتیش‌دا بە جیهانی بناسێنێت و جێگەوپێگەی لە ئەدەبی جیهانی‌دا دیاری بکات و بەش بە حاڵی خۆی ڕۆڵ بنوێنێت. عەلائەدین سەجادی پێشەنگی ئەدەبی بەراوردی کوردی و لێکۆڵینەوە بەراوردییەکانە. سەجادی لە کۆتایی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی‌دا دەستی داوەتە بەراوردێک لەنێوان ئەدەبی کۆن یان فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبگەلی کۆنی میسری، فارسی، چینی، هیندی، عیبری، یۆنانی و ڕۆمانی. بەراوردەکەی ئەدەبی کوردی و ڕۆمانی لە ڕاستی‌دا بەراوردی نێوان مەم و زینی ئەحمەدی خانی[7] و ئیلیادی هومێر[8]، شیعرەکانی حاجی قادر کۆیی[9] و شیعرە لادێییەکانی ڤیرجیل[10]، و شیعرە فەلسەفییەکانی لوکریشس[11] و شیعرە فەلسەفییەکانی مەلای جزیریی[12]ـە. لێکۆڵینەوە بەراوردییەکەی سەجادی تا ڕادەیەک بەپێی چوارچێوەی زانستییانە و زۆرتر لەسەر شێوازی قوتابخانەی ئەمریکی ئەنجام دراوە کە لەو کاتەدا بە شێوەیەکی دیاریکراو لە گۆڕەپانی ئەدەبی بەراورددا نەبووە و چەند ساڵێکی دواتر سەری هەڵداوە. سەجادی لە لێکۆڵینەوە بەراوردییەکەی خۆی‌دا، دەیەوێت خاڵی هاوبەشی نێوان بەرهەمە بیانییەکان و دەقە زارەکی و نووسراوە کوردییەکان بوروژێنێت و بە تەمای دۆزینەوەی کاریگەری و کارتێکەریی نێوانیان نییە؛ ڕێک هەمان خەونی قوتابخانەی ئەمریکی و لایەنگرانەکەی کە دەیانەوێت دەستیان بە گەوهەری هاوبەشی مرۆڤی بگات. خاڵی سەلمێنەری ئەم وتەیە ئەوەیە کە سەجادی، لێکۆڵینەوە بەراوردییەکەی خۆی لە ژێر نێوی ئەدەبی عالەم‌دا داناوە کە خودی ئەم نێوە ئاماژە بە میراتی گشتیی جیهان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات.

زاراوەی «ئەدەبی بەراورد» وەکوو بەرانبەرێک بۆ زاراوەی (Comparative literature) لە ئەدەبی کوردیی ناوەندی‌دا بۆ یەکەم جار لە لایەن عەلائەدین سەجادییەوە دانراوە کە لە کتێبی *مێژووی ئەدەبی کوردی*‌دا هێناویە. ناوبراو لە کلکەی ئەم کتێبەدا بەراوردێکی ئەنجام داوە. بە شیمانەیەکی زۆرەوە سەجادی یەکەم کەسە کە ئەم زاراوەیە لە ئەدەبی کوردیش بەگشتی بەکارهێناوە. لێکۆڵینەوە بەراوردییەکەی سەجادی پزووسکەیەک بوو کە دەیتوانی ئاگری ئاگردانی ئەدەبی بەراوردی کوردی هەڵبکات و گەشە و پەرەسەندنێکی زۆرتر و باشتر بەم بوارە بدات و هەروەهاش واتایەکی ڕاستەقینەتر بە ڕەوتی سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی بەراوردیی کوردی ببەخشێت و هاوکات ئاسانتری بکاتەوە، ئەگەر بارودۆخی کوردستانی باشوور بە ئەو شێوە پێش نەچووبایە. عەلائەدین سەجادی یەکەم لێکۆڵینەوەی بەراوردیی کوردی بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەنجام داوە و زاراوەی بۆی داهێناوە و عەزیز گەردیش لە دوای ئەو، یەکەم بەرهەمی لە بواری بەراورددا بە شێوەیەکی چوارچێوەدار نووسیوە. بە شیمانەیەکی زۆرەوە عەزیز گەردی زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریی لە هەمان زاراوەی ئەدەبی بەراوردی سەجادییەوە وەرگرتووە. بەراورد ناوە و بەراوردکارییش چاوگە. ڕەوتی گەشەکردنی لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان لە ئەدەبی کوردی‌دا دوای عەلائەدین سەجادی تووشی گیروگرفت بووە و نەیتوانیوە ئەرکی خۆی بە باشی بباتە ڕێگەوە، بەڵام کورد بەگشتی دەتوانن بە هۆی توانستی زمانی لە کوردی کە زمانی دایکی خۆیانەو و زمانگەلی عەرەبی، فارسی، تورکی، ڕووسی و هەندێک لە زمانە ئەورووپییەکان وەکوو ئینگلیزی و فەڕەنسی، بەرهەمگەلێکی گرنگ ئاراستەی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی بەراورد بکەن. بێ‌گومان یەکێک لە گرنگترین بوارگەلێک کە ئەدەبی کوردی پێویستی پێیە، ئەدەبی بەراوردە کە دەتوانێت بەشێکی زۆر لە کەلێنەکانی ئەدەبی کوردی بە گشت زاراوەکانییەوە پڕ بکاتەوە.

---

7 Ahmad Khani (1651- 1707)
8 Homer (800 or 2000 BC)
9 Haji Qadir Koyi (1816- 1897)
10 Virgil {Publius Vergilius Maro} (70 - 19 BC)
11 Lucretius {Titus Lucretius Carus} (99- 55 BC)
12 Malaye Jaziri (1570- 1640)

## سەرچاوەکان

### کوردی


خەزنەدار، مارف (۲۰۰۵). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی پێنجەم، هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.

ـــــــ (۲۰۰٦). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی حەوتەم، هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.

سەجادی، عەلائەدین (۱۹۵۲). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەغداد، چاپخانەی مەعاریف، چاپی یەکەم.

سەجادی، بەختیار و مەزهەر ئیبراهیمی (۱۳۹۸). *زمان و وێژەی کوردی*، سەقز، نەشری گوتار، چاپی دووەم.

عەبدوڵا، ئیدریس (۲۰۰۸). «پوختەیەک لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری و قوتابخانەی سلاڤی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا»، گۆڤاری *ڕامان*، ژمارە ۱۳۸، لل ٦۱- ۷۱.

کەلاری، حسەین (۲۰۱٤). «بەرەو بەدیهێنانی قوتابخانەی بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا»، گۆڤاری *ڕامان*، ژمارە ۲۰٦، لل ٦۷- ٦۱.

گەردی، عەزیز (۱۹۷۸). *ئەدەبی بەراوردکاری*. بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد.


### عەرەبی


الخطیب، حسام (۲۰۱۸). *آفاق الأدب المقارن عربیا وعالمیا*. رام الله، المؤلف، چاپی سێهەم.

بیشوا، کلود و اندریه میشل روسو (۲۰۰۱). *الأدب المقارن*. ترجمه دکتر احمد عبدالعزیز، قاهیره، مکتبة الأنجلو المصرية، چاپی سێهەم.

جویار، ماریوس فرانسوا (۱۹۵٦). *الأدب المقارن*. ترجمه دکتور محمد غلاب و مراجعة دکتور عبدالحمید محمود، میسر، لجنة البیان العربي.

عبدالعزیز، احمد (۲۰۰۲). *نحو نظرية جديدة للأدب المقارن*. قاهره: مکتبة الأنجلو المصرية، چاپ اول.

عبود، عبده (۱۹۹۹). *الأدب المقارن مشكلات وآفاق*. دمشق، اتحاد الکتاب العرب.

علوش، سعید (۱۹۸۷). *مدارس الأدب المقارن دراسة منهجية*. بەیروت، المرکز الثقاقي العربي، چاپ اول.

غنیمی هلال، محمد (۲۰۰۸). *الأدب المقارن*. میسر، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزیع، چاپی سێهەم.

ـــــ (نا). *دور الأدب المقارن في توجيه دراسات الأدب العربي المعاصر*. میسر، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزیع.

مکي، الطاهراحمد (۱۹۸۷). *الأدب المقارن أصوله وتطوره ومناهجهه*. قاهیره، دارالمعارف، چاپی یەکەم.

ندا، طه (۱۹۹۱). *الأدب المقارن*. بەیرووت، دار النهضة العربیة للطباعة والنشر.

هنری‌باجو، دانییل (١٩٩٧). *الأدب العام والمقارن*. ترجمة غسان السید، دیمەشق، اتحاد الکتاب العر.

**فارسی**

زرین‌کوب، عبدالحسین (١٣٧٤). *آشنایی با نقد ادبی*. تهران، سخن، چاپ سوم.

سالمون پراور، زیگبرت (١٣٩٣). *درآمدی بر مطالعات تطبیقی*. ترجمه دکتر علیرضا انوشیروانی و مصطفی حسینی، سمت، چاپ اول.

شرکت‌مقدم، صدیقه (١٣٨٨). «تطبیقی مکتب‌های ادبیات». *مطالعات ادبیات تطبیقی*، ساڵی سێهەم، ژماره ١٢، لل ٧١- ٥١.

شورل، ایو (١٣٨٩). *ادبیات تطبیقی*. ترجمه طهمورث ساجدی، تاران، امیرکبیر، چاپ دوم.